رێبین حەسەن

# پێگەی میدیا
# لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

پێگەی میدیا
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا
رێبین حەسەن
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٣٤٧) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
تایپ: شانیا یوسف
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (١٢)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# میدیا چییە ؟

میــدیا شــێوەیەکە لەشــێوەکانی پرۆســەی بەیەکگەیشــتن لەبەرامبەر واتای (information ) ڕاگیراوە، لــە ڕووی زاراوەشـــەوە بـــە بڵاوکردنـــەوەی ڕاســـتی و زانیارییـــە وردو ڕاستەکان دێت، بە ئامانجی ڕۆشنکردنەوەی هزری خــەڵك و دروستکردنی بڕوا لای ئەو خەڵکانە، هــەروەها میــدیا بــە واتای " پەخشکردنی ڕاستیەکان و هەواڵ و بیروڕاکــان لــە هۆکــارە جیاجیاکــانی دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن دێــت ، [1] بێگومان لە پرۆسەی بەیەکگەیشتن ( کۆمنیکەیشــن) دوو جەمسەری بنەڕەتی بەشدار دەبن و پرۆسەکە تــەواو دەکــەن

١ هەڤاڵ ئەبوبەکر ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی ، چاپی یەکم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٢ ، ل ١٠



ئەویش ( نێــرەر و وەرگــرە ) کــە لــە ڕێگــای ئــامرازێکی گەیاندنی جەماوەرییەوە واتە ( ماس میدیاوە ) و بە هــۆی هەبوونی توانستەکانی لای وەرگر، پەیامی نێرەر بە وەرگــر دەگات و دواتر پەیامی وەرگیراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاســـتەوخۆ کاریگـــەری خـــۆی بەجێـــدەهێڵێت، واتـــە پەیامەکان لە نێوان نێرەر و وەرگر ئاڵوگۆڕ دەبن.

هــەروەها فەرهــەنگی ویســتەر لــە پێناســەی میــدیادا دەڵێــت "میــدیا ئــەو کردەیەیــە کــە تیایــدا ئــاڵوگۆڕی چەمکەکان لە نێوان کەسەکاندا دەهێنێتە کایەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی هێمای زانراو " یاخود میــدیا بریتیــە لــە "زیادکردنی هۆشیاری جەماوەر بە هەواڵ و زانیــاری و بــە مەبەستی کارتێکردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ " . [2]

٢ هەڤاڵ ئەبوبەکر ، چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی ، چاپی دووم ، سلێمانی ١٩٨٨ ، ل ٧

بەم شێوەیە میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گۆڕینی کۆمەڵگا و سەر لەنوێ پێکهێنانەوەی بەشەکانی کۆمەڵگاو ڕێکخستنەوەی ئەو بەشانە، جگە لەمەش "جێمیس کار" مامۆستا لە زانکۆی (نیو) ی ئەمریکی پێی وایە " ئەو هۆ ڕاگەیاندنانەی لە نێو کۆمەڵگا هەن و کاریگەرییەکی بەهێز دەکەنە سەر شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایەدا. دەربارەی میدیا لێکۆڵەرەوان پێیان وایە شۆڕشی پیشەسازی و هێزی هەڵم کاریگەری گەورەی هەبوو بۆ گەیشتنی چینە ناوەندەکان بۆ دەسەڵات و بەتایبەتیش میدیا ڕۆڵێکی ئەکتیڤی هەبوو لەدەرکەوتنی دیموکراسیە لیبراڵیەکان لە خۆرئاوای ئەوروپاو ئەمریکادا .[٣]

٣ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٨



# ڕۆڵی میدیا
# لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا

هەڵمەتی هەڵبژاردن بریتیە لە هەڵمەتی زانیاری و بڕوا پێهێنان بەدەنگدەران بەشێوەیەکی یاسایی و ڕەوا، لەلایەن لایەنە سیاسیەکە یا هاوپەیمانێتیەکەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ئامانجە سیاسیەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بۆ هەوڵدانی ئەو لایەنە سیاسی یا هاوپەیمانانەیە تا بتوانن بڕواپێهێنان لای دەنگدەر دروست بکەن و لەکاتی هەڵبژاردندا زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن [٤] ، لەوەشەوە

٤ نامیلکەی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ، ٢٠٠٨ ، ل ٥٠

لەهەر سیستمێکی دیموکراسیدا دەبینرێت کە میدیا و ئامرازەکانی ڕۆڵێکی تەواوکەر لە نێوان دەنگدەران و پارتو ڕێکخراوەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن دەگێڕن و هاولاٌتیان لە ڕێگای میدیاکانەوە ئاگاداری پلان و پڕۆژەی پارتەکان و کاندیدکراوەکان دەبن، بێگومان نوێنەرانی سیاسی لە ساتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە ماس میدیا دەبەستن و لە ڕاگەیاندن و بەبابەتیکردنی بەرنامەکانیان، دەیانەوێت هەمیشە لەگەڵ میدیاکاندا خۆیان بگونجێنن و ئامانجەکانیان بەدیبهێنن ٥
هەروەها ئامانجی ستراتیژی کاندید و پارتە بەشدارەکانی

٥. م ڕۆ ا تۆفێق ، ئەرك و كاريگەرييەكانی ماس كۆمنيكەيشن ، چەندو انەيەك بۆ قۆناغی سێيەمی بەشی ڕ اگەياندنی كۆلێژی ز انستە مرۆڤايەتييەكانی ز انكۆی سلێمانی وتۆ اوەتەو ، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨–٢٠٠٩



هەڵبژاردن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەیانەوێت بەمەبەستی بەهەند وەرگرتن و بلاٌوکردنەوەی بەرنامە و کارەکانیان باوەڕ بەدەنگدەران (هاولاٌتیان) بهێنن، بۆیە ڕۆڵی میدیا بەگشتی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا جەختکردنەوە دەبێت لەسەر ناساندنی کەسایەتیەکان و پڕۆگرام و بەرنامەکانیان و چاودێری جێبەجێکردن و هێنانە زمانی کێشەکان و پڕۆسەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە بۆ ئەوەی هاولاٌتیان وەکو یەکتر چانسیان هەبێت لەدروستکردنی ئینتیمای سیاسی کە هەڵبژاردنیش بۆ خۆی جۆرێکە لە بەشداری سیاسی خەڵك و دروستکردنی ئینتیما بۆیان، دەبێت میدیا ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێت لە چوارچێوەی ڕۆڵیدا بۆ دروستکردنی سەکۆی بەشداریکردن لەو پڕۆسەیەدا و کاریگەریەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دەربکەوێت ، هەروەها پێویستە ٦

٦ م ڕۆ ا تۆفێق ، هەمان سەرچاوەی پێشو .

ئامرازەکـانی میـدیای گشـتی لـە کـاتی هەڵمەتـەکانی هەڵبژاردندا بەوپەڕی بەرپرسیارییەتیەوە زانیاری پێویسـت بە هاوڵاتیان بگەیەنن، لە پێشەوەی زانیاریەکانیش دەبێـت یاسـاکانی هەڵبـژاردن و پێشـێلنەکردنی ئـەو یاسـایانە هاوڵاتیـانی لـێ ئاگـادر بکرێتـەوە، جگـە لەمـەش شیکردنەوەی دروشمەکان و پرسیارکردن لە بەرامبـەر هـەر دروشمێکدا ئەرکی ڕاگەیاندنە و ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ دەبەخشێتە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن، چـونکە دەرفـەتی باش دەداتە هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن زانیـاری لـە بـوارە جیاوازەکاندا بەدەست بێنێت، لـە یـەکێك لـە بەنـدەکانی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپادا هاتووە کـە " بـۆ ئەوەی دیموکراسی پێش بکـەوێت و پـەرە بگرێـت، دەبێـت هاوڵاتیان زانیاری پێویستیان بـۆ هەڵبـژاردنی پـاڵێوراوان بەدەست بگات "



هەروەها " دەست پێڕاگەیشتنی پارتە سیاسـیەکان بـە کەرەستەکانی میدیا، ئەویش بە بێ هەڵاواردن بە کـارێکی پێویست دەزانێت" .[٧]

٧ قەرەنی قادر ، کۆمەڵگە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆک ٢٠٠٩ ، ل ٢٣-٢٤

# کاریگەری میدیا
## لەسەر وەرگر لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا

سیستەمی میدیا و سیستەمی سیاسی بە گشتی دوو دەزگای ڕێکخراوی لەیەك جیاوازن و هاوکات تەواوکەری یەکترن، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی میدیا لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەیگێڕێت، چەندین توێژینەوە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریەکانی ماس میدیا ئەنجامدراوە و لە ساڵی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەریەك لە "پاوڵ لازارس فێڵد، بێرنهارد بێرلیسۆن، هانس گەودێت "ویستیان لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەو فاکتەرانە بکۆڵنەوە کە کاریگەریان لەسەر



بڕیاردانی هەڵبژاردنی هاوڵاتیان هەیە، بەڵام دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان بووە مایەی سەرسوڕمان، چونکە لەکاتی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا توانیبویان بیروڕای کەمی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو کاندید بگۆڕن، هەر بۆیە بە تێپەڕبوونی کات و ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تر لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەرکەوت کە میدیا لەم چەند خاڵەدا کاریگەری لەسەر وەرگر یاخود هاوڵاتیان دروست دەکات و هانیان دەدات بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆن و دەنگی خۆیان بدەنە پارت و ڕێکخراو و کاندیدەکان :[8]

- ئەگەر پەیامەکە پشتگیرییەك بێت بۆ بەهێزکردنی بیروڕا و بۆچوونەکانی خەڵك.

---

٨م .ڕۆ ا تۆقێ و انە وتارەکانی ئەرك و کاریگەرییەکانی ماس کۆمنیکەیش ، قۆناغی ٣ ی ڕ اگەیاند ، ٢٠٠٩

- ئەگەر پەیامەکە لەگەڵ پێداویستی خەڵکدا یەکبگرێتەوە و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.
- ئەگەر پەیامەکە پەیوەست بێت بە بارودۆخی وەرگران و لەگەڵ ڕەوشتیدا بگونجێت و بۆ هاوڵاتیان حەساس بێت.
- ئەگەر پەیامەکانی میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا جێگای باوەڕپێکردن بێت و لەلایەن ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و پسپۆڕانەوە بەرز بنرخێنرێت و پشتڕاست بکرێتەوە .[9]

---

٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو



## ستراکتۆری میدیای ئەمریکا

وەک ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژیاوە بەردەوام لە بەرەو پێشچووندایە و پەیڕەوی سیستمی بازاڕی ئازاد دەکات و لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆرێک لە جێگیری و ئارامی تیا دەبینرێت و ستراکتۆری میدیای ئەمریکی زادەی لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە. بۆیە لەسەردەمی شۆڕشی ئەمریکادا بواری میدیا و ڕۆژنامەوانی گۆڕانی دیار و بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و لەو دەمەشدا ژمارەی ڕۆژنامەکانی گەیشتە ٩٧ و لە ساڵی ١٨٢٠ دا ژمارەی ڕۆژنامەکان لە ئەمریکادا گەیشتۆتە ٥١٢ ڕۆژنامە کە ٤٢ یان بەشێوەی ڕۆژانە دەردەچوون،

بەمەش دەردەکەوێت کە میدیا و ڕۆژنامەوانی لە ئەمریکا گەشەسەندنێکی زۆر خێرای بەخۆوە بینی و داهێنانی گەورەی لێکەوتەوە[1] ، لێرەدا باس لە دیارترینْ کەناڵەکانی میدیا لە ئەمریکا دەکەین وەك "ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵ " :

**یەکەم : ڕۆژنامە**، کە ئەوانیش گرنگترینیان بریتین لە:

- نیۆرك تایمز: مێژووی سەرهەڵدانی بۆ ساڵی ١٨٩١ دەگەڕێتەوە کە لەلایەن ئەدۆلف ئۆکس لە نیویۆرك دامەزراوە و بە ڕۆژنامەی دەستەبژێر لە قەڵەم دەدریٚ و لە ئێستاشدا لە دیارترین

---

١م . ێ براهیم سەعی ، تیۆروس ترکتۆریڕ اگەیانڎ ، چەند و انەیەك بۆ قۆناغی یەکەمی بەشیڕ اگەیاندنی کۆلیژی ز انستە مرۆڤایەتییەکانیز انکۆی سلێمانی وێ اوەتەو ، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦–٢٠٠٧



دامەزراوە دیارەکانی ئەمریکایە و خاوەنی ٩ ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ٤ هەفتەنامەو ٦ گۆڤار و ٢ وێسگەی ڕادیۆیی و ٣ خانەی چاپ و بلاْوکردنەوە و ٣ کارگەی دروستکردنی کاغەزە.

- واشنتۆن پۆست : لەساڵی ١٨٧٧ یەکەم ژمارەی چوار لاپەڕەیی لێ دەرچووە و لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووشدا ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی ئابووری بۆتەوە و تا دواجار لە ساڵی ١٩٦١دا لەگەڵ ڕۆژنامەی تایمز هیراڵدا یەکی گرت، هەروەها خاوەنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی خۆیەتی . ئەم ڕۆژنامەیە لە مێژووی ئەمریکادا بەوە ناسراوە کە گەندەڵیەکانی سەرۆك (نیکسۆنی سیو حەوتەمین) سەرۆکی ئەمریکای ئاشکراکرد و بەو هۆیەوە دەستی لە کارکێشایەوە و ئەم ڕووداوەش لە ساڵی ١٩٧٢ ڕوویدا کە بە واتەر گێت ناسراوە.

- وۆڵ ستریت جۆرناڵ : ڕۆژنامەیەکی تایبەتی ڕۆژانەیە و تایبەتە بە بواری ئابووری و لە ساڵی ١٨٨٢ یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەتەوە، جگە لە هەواڵی ئابووری، هەواڵی سیاسی و گشتیش بڵاودەکاتەوە.

**دووەم : گۆڤار، لەگرنگترینیان :**

- تایم : گۆڤارێکی هەفتانەیە و لە ساڵی ١٩٢٣ یەکەم ژمارەی بڵاوبۆتەوە و بەلایەنگری پارتی کۆماریەکان ناسراوە و لەلایەن کۆمپانیای هنری لویس دەردەکرێت و لەیەککاتدا لە ٤٠ ناوچەی جیاجیا چاپدەکرێت.
- نیوزویک : گۆڤارێکی هەفتانەیە و لە ساڵی ١٩٣٣ یەکەم ژمارەی بڵاوبۆتەوە و بەوە ناسراوە کە هاوسۆزی لەگەڵ پارتی دیموکراتەکاندا هەیە



و خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانە و زیاتر بابەتەکانی شیکارین.

**سێیەم : ڕادیۆ و تەلەفزیۆن :**

ستراکتۆری ئەمریکا لە ڕووی میدیاوە جیاوازە لە ستراکتۆری میدیای ڕۆژئاوا، هەر لەسەرەتاوە سیمایەکی بازرگانی پێوە دیار بوو، بەمەش ژمارەیەك لە کۆمپانیا و دامەزراوەی تایبەت لەو وڵاتەدا دەرکەوتن کە کۆنترۆڵی ئەم دوو کەناڵەیان کرد بوو..

- تۆڕی ئێن بی سی : لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە و خاوەنی ٢٢٩ وێسگەی ڕادیۆیی و ٢٠٠ کەناڵی تەلەفزیۆنە.
- تۆڕی سی بی ئێس : ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە و خاوەنی وێسگەی ڕادیۆیی و ٢٠٠ کەناڵی تەلەفزیۆنە. بە هەمان شێوە کەناڵی سی ئێن ئێن کە کەناڵێکی دیاری ئێستای ولایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لەساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردووەوە توانیویەتی ببێتە خاوەنی بینەرێکی زۆر و لە بواری هەواڵیشدا خاوەن تۆڕێکی گەورەی پەیامنێرانە و لە جیهاندا پێگەیەکی باشی جەماوەری و میدیایی هەیە.

جگە لەمانەش خودی حکومەتی ئەمریکا گرنگییەکی بەرچاوی بە میدیا داوە، بەجۆرێك خاوەنی ژمارەیەك کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییە و ئاڕاستەی وڵاتانی دیکەی دەکات، وەك ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا و سەوا، هەروەها تەلەفزیۆنی ئەلحورە کە بەزمانی عەرەبییە و ئاڕاستەی وڵاتانی عەرەبی دەکات.

**چوارەم : ئاژانسی هەواڵ :**

- ئاژانسی ئەسۆشیتید پرێس: لەساڵی ١٨٤٨ وەك سەندیکایەك بۆ هاوکاری ڕۆژنامە لە بواری



هەواڵدا دامەزرا، لەساڵی ١٩٣١ وە بوو بە ئاژانسێکی دیاری هەواڵ و لە سەرتاسەری جیهاندا پەیامنێری بڵاوکردۆتەوە، چەندین نوسینگەی لە وڵاتانی جیهاندا هەیە و جگە لە هەواڵی نووسراو وێنەی تەلەفزیۆنی بەرهەم دەهێنێت.

- ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەر ناشناڵ : ساڵی ١٩٨٥ لە ئەنجامی یەکگرتنی هەر دوو ئاژانسی یوپ و ئینس دەستی بەکارکرد، بەهەمان شێوەی ئاژانسەکانی جیهان هەواڵ و وێنە و هەواڵی تەلەفزیۆنی و کاریکاتێر بەرهەم دێنێت.

بەم شێوەیە دەبینین ئەمریکا خاوەنی چەندین کەناڵی دیاری میدیاییەو هەریەك لەو میدیایانەش بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ڕۆڵی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی هەڵساون. هەروەها زۆربەی ئەم کەناڵە میدیایانەش

لە ئەمریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لەو ولاّتەدا ڕێژەیەکەیان بەرەو زیاد بوون دەچوو، بەجۆرێك تەنیا لەساڵانی شەستەکانەوە ١٥ هەزار ڕۆژنامە دەرچووە [١] .

گرنگترین ڕەخنە کە ئاڕاستەی ستراکتۆری میدیای ئەمریکا دەکرێت، بریتیە لە مەسەلەی بە بازرگانیبوونی ڕاگەیاندن و کۆنترۆڵکردنی ئەو کەناڵانە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە، ئەمەش وایکردووە کە کۆمپانیاکان ڕۆڵی حکومەت و دەست وەردان لە کاروباری میدیاکان ببینێت و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پەیامەکانی تەعبیر لە خواست و بیروبۆچوونی زۆرینە ناکات، بەڵکو لەقازانجی سەرمایەداران و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە پێداویستیەکان

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ٢٠٠٧ ١



و بابەتەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا سەرەڕای ئەو ڕەخنانە، ستراکتۆری میدیای ولاّتانی پێشکەوتوو لە زۆر لاوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بۆتە مۆدێلێکی پێشکەوتوو.

واتە ستراکتۆری میدیا لە ئەمریکا قۆناغێکی باشی بڕیوە و لە ٧٠٪ بۆ ٩٠٪ی داهاتی ئەو کەناڵانەش لەرێگەی ڕیکلاّمەوەیەو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەناڵەکانی لە هەناوی سیستمێکی سەرمایەداری لە دایك بوون و لەلایەن چینی سەرمایەدارو کۆمپانیاکانەوە بەڕێوەدەبرێت [٢] .

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ٢٠٠٧ ٢

# ئاڕاستەی
# کارکردنی میدیای ئەمریکا

لەدێر زەمانەوە تاکو ئەمڕۆش بەردەوام میدیا و پڕوپاگەندە هاوتای شەڕو جەنگ و ئاڵۆزە سیاسیەکانە، میدیا پێویستی بە ئاڕاستەکردن و پڕاکتیزەکردنی ڕای گشتی هەبووە، لەم نێوەندەشدا بەهۆی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە دوای سەربەخۆبوونیەوە ویستویەتی بەرەو دیموکراسی زیاتر بڕوات و بەو پێیەش میدیا لەو وڵاتەدا بەهۆی ڕۆچوونی بەناو کایە سیاسیەکاندا جۆرێك لە لایەنگیری پێوەدەبینرێت، دەکرێت لێرەدا چەند نموونەیەك لە چۆنیەتی ئاڕاستەی کارکردنی میدیای ولایەتەکان بخەینە ڕوو.



لە وتەیەکدا کۆڵن پاوڵ لە مانگی یۆلیۆی ساڵی ١٩٩٢دا دەڵێت " شەڕی کەنداو ئاسۆی چەرخی زانیاریەکان بووە بۆ دەزگا سەربازیە ئەمریکیەکان "، هەروەها سەرۆکی پێشووی ئەمریکاش تۆماس جێفریسۆن دەڵێت " ئەو میدیایەی کە دەبێتە زمانحاڵی حکومەت و دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان بەسەگی پاسەوانی ناودەبات "، کاتێکیش ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٥ لەکاتی شەڕ و نائارامیدا" ئاژانسی ئەمریکا بۆ ڕاگەیاندنی " دامەزراند، جۆرێك لە نمونەی میدیایی هاتە ئاراوە کە بریتیبوو لە میدیای دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان، بیروڕا و ئایدیاکانیان لە چوار چێوەی سنووری دەسەڵاتدا تێنەدەپەڕی و دواتریش دیاردەی دەست بەسەراگرتنی میدیا سەریهەڵدا، کە ئەمەش بەدەرکەوتنی کۆمپانیا پیشەسازیە گەورەکان ئەم دیاردەیە ڕوونتربۆوە و دەرکەوت، وەك ئامرازێکی ئاڕاستەکردنی گوتارەکان میدیای ئەمریکی ناسرا لە جیهاندا، کە لەمەشدا تۆڕێکی ڕاگەیاندن بە ناوی (ئێن

بی سی) دەرکەوتو رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە جەنگ و هێرشەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ١٩٩١ دا ، بەلاَم پاش لێکهەلوەشاندنەوەی سۆڤیەت و تاك جەمسەری ئەمریکا، جۆرێکی نوێی کارکردنی میدیا لە ئەمریکا هاتە ئاراوە کە لە سەر هێڵە دیاریکراوەکانی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا کاردەکات و لە ساڵی ١٩٩٠وە دەستیپێکرد، کە بە تەواوکەری سیاسەت و میدیای سەردەمی سەرۆکایەتی جیمی کارتەر دادەنرێت، ئەم میدیایە لەسەر ئەم وتەیە بنیاتنراوە کە دەڵێت " ئەمریکا دەتوانێت دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا بلاَوبکاتەوە "، واتە میدیای ئەمریکی بە ڕەچاوکردنی دەستوور کە خۆی لە پاراستنی ئاسایشی

١ مەسعود عەبدەلخالق ، دەرکەوتەکانی شکستی ئەمریکا لە جیهاندا ،چ١ ،چاپخانەی سیما ،سلێمانی ٢٠٠٩ ، ل ٤٥-٥٠ ٣



نەتەوەیی دەبینێتەوە، دەبێت لەو چوارچێوەیەدا کاربکات و لە هێڵە سوورەکانی مەترسی سەر ولایەتەکان لانەدات، لە نوێترین کتێبی وتەبێژی کۆشکی سپی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (جورج بوش) بەناونیشانی TAKING HEAT هاتووەو دەڵێت " بواری میدیا و ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکادا لەسەر بنەمای لایەنگیری کاردەکات و ئەمەش تەنیا پەیوەست نیە بەپرسی پارت و بیرێکی ئایدۆلۆژی تایبەت، بەڵکو لایەنگیری لەسەر بنەمای ململانێ و ناکۆکیەکانیش دەکات. نووسەر لە درێژەی ناوەڕۆکی کتێبەکەیدا ئاماژە بە ئامارێکی وورد دەکات و دەڵێت " یەك لەسەر سێی ڕۆژنامەکانی ولاَتەکەی هونەری ڕۆژنامەوانیان تیادا بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و ئەمەش دیموکراتەکانی تووشی نیگەرانی کردووە و بە قەیرانی میدیای ئەمریکی ناوی دەبەن ، هەروەها نووسەری

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٥٢-٥٤

ڕۆژنامەی میلیسا ویبستر دەڵێت " چەمکی بوونی میدیای ئازاد لە ئەمریکادا دەم خاتە گریان و تووشی خەمم دەکات" . جگە لەمەش (مارك بینین) لە ڕۆژنامەی تایمدا پێی وایە " داهێنەری لایەنگیری لە میدیای ئەمریکادا بۆ کۆماریەکان دەگەڕێتەوە و بەڵگەی ئەوەش دێنێتەوە کە سەرۆك بوشی کوڕ هەوڵی نەداوە میدیا ئازادانە بیروڕاکانیان بلاۆبکەنەوە، پسپۆڕی بواری میدیا و ڕامیاری بیل مویرزیش پێی وایە " کە ئامرازە گەورەکانی میدیا لە ئەمریکا لەلایەن حوکمەتەوە توانراوە وایان لێبکرێت کە ئازادییان لەبیر بەرنەوە و بۆ گەیشتن بە دەسکەوتی ماددی سنوورەکانی کارکردنیان لەبەردەمدا کەمبکرێتەوە.

هەروەها بەرپرسی کارمەندانی کۆشکی سپی ئەمریکا لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداودا وتویەتی "پێویستمان



بە دەزگای هەواڵگری" سی ئای ئەی " نییە لە کاتێکدا کە نالّی " سی ئێن ئێنمان" هەیە. جگە لەمەش ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئاماژەی بەوە کردووە کە بەرپرسی کەناڵی (سی ئێن ئێن) والتەر ئیزکسۆن داوای لە پەیامنێرەکانی کردووە بەووردی جەخت بخەنە سەر قورساییەکانی ڕووداوە تیرۆریستیەکانی یانزەی سێپتەمبەر و ڕاپۆرت و هەواڵی لەسەر ئامادە بکەن و ئەفغانستان بخەنە لاوە. بەبڕوای ئالتود موس ستاك ڕاگەیاندکار، میدیای ولاّتەکەی لە هەواڵەکانی دەربارەی عێراق لایەنگیری پێوە دیارە،بە هۆی ئەو مامەڵەکردنەیان لەگەڵ ڕووداوە ئاڵۆزەکانی عێراق لەلایەك و ئەو هەڵئاوسانە ئابووریەی کە لەئەمریکادا سەریهەڵداوەتەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ ، جگەلەمەش ستاك دەڵێت " جۆرێك لە بێ متمانەیی و گرنگی نەدان بە هەواڵ و ڕووداوەکانی عێراق لای تاکی کۆمەڵگەی ئەمریکی هاتۆتە ئاراوە "

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکیش کە دەربارەی ئاراستەی کارکردنی میدیای ئەمریکی لەلایەن ئەندرکوك و ڕۆبەرت گوس ئەنجامدراوە، لە بارەی متمانەی هاوڵاتی ئەمریکی بە میدیای ولأتەکەیان دەرکەوتووە کە ٦٠٪ ی خەڵکی ئەمریکا باوەڕیان وایە زیاد لە پێویست، ڕاگەیاندنی ئەو ولأتە جەخت لەسەر بابەت و هەواڵ و پرس و زانیاریە نەریتەکان دەکاتەوە و هەستی خەڵك و دروستکردنی تارمایی بەمەبەستی لایەنگیری پارتێك دەوروژێنن، جگە لەمەش باس لەوەکراوە کە متمانەی خەڵك بە ڕاستگۆیی میدیای ئەمریکا لەداکشاندایە و لێکۆڵینەوەکە ڕوونیدەکاتەوە کە ڕێژەی ئەو هاوڵاتیە ئەمریکایانەی کەلە ساڵی ١٩٨٥ باوەڕیان وابووە میدیای ئەمریکا بی لایەن نییە بریتیبووە لە ٣٣٪، لە ساڵی ١٩٩٢ ڕێژەکە بەرزتر بۆتەوە بۆ ٤٤٪، لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتۆتە ٥٣٪ .
٥
هەروەها پرسی لایەنگیری لە میدیای ئەمریکیدا و بیری قۆرغکردن و ئاراستەکردنی ئامانجدارانەی سیاسیانەی



٥
میدیای ئەمریکا بۆ سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی خۆرهەلأت و تیۆرەکەی فۆکۆیاما دەگەڕێتەوە کە تیایدا باسی لە کۆتایی مێژوو کردووە و پراکتیزەکردنی دیموکراتی ئەمریکای بەسەر جیهاندا دوپاتکردۆتەوە ، بۆیە بەهۆی ئەو وەرچەرخانەی کە ئەمریکا بەخۆیەوە بینیوە بە تایبەتیش لە دوای هێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەر، میدیای ئەمریکی بە ئاراستەیەك کاردەکات کە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی قۆرغکراوە و تا ئاستێکی بالاّ و هەستپێکراو ڕاستگۆیی و بێلایەنی کە دوو مەرجی سەرەکی ئیتیکی ڕۆژنامەگەرین لەدەستدراوە، ئەمەش بۆ خۆی کلتووری " میدیا بە زمانی ئەو لە پێناوی خۆمدا "ی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێناوەتە ئاراوە و فاکتەرێکی بەهێزی لای هاوڵاتیانی ئەمریکا دروستکردووە، بەوەی کە متمانە و باوەڕیان بە میدیای

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٥٥–٧٠

ولاّتەکەیان نەمێنێت . زۆربەی بەڵگەکان دەیسەلمێنن لەکاتی بانگەشە و پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، میدیا بە ئاراستەی یەکێك لە دوو پارتە سەرەکیەکەی ئەمریکا کاری کردووە و ئەمەش وایکردووە بە ئاشکرا لایەنگیری پێوە دیاربێت .

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٦٦

٦



# میدیای ئەمریکی و ستراتیژی سیاسەتی بانگەشەکردن[1]

٦

رێژەی خوێندەواری لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەگاتە لە ٩٩٪ و ڕادیۆیەك بۆ ٥,کەسە و تەلەفزیۆنێکیش بۆ ١,١ کەسە، هەروەها ڕێژەی ڕۆژنامەکان ٦٤٢, ١ بۆ هەر تاکێکەو بلاّوکراوە وەرزییەکانیش بۆ ٦٠٩, ٥٩ کەسە، بەم پێیەش ئەمریکا لەساڵی ١٩٦٦وە بە یاسای سەربەستی زانین کاردەکات و لەساڵی ١٩٧٦وە لە ژێر سێبەری مافی زانیندا حکومەت بڕیارێکی دەرکردو ناوی نا "میری لە ژێر سێبەری ڕووناکدا" و بەمەش خەڵك مافیان هەبوو کە هەموو زانیاریەکی پێویستیان پێبگات لەلایەن میدیاکانەوە،

ئەمەش بووە مایەی ئەوەی میدیای ئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی و لە هەر هەڵمەتێکی بەر لەهەڵبژاردندا کۆمەڵێك بابەت بکاتە جێگای گرنگی و بایەخ پێدان ، بەم پێیەش لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی ٢٠٠٩ ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، میدیاکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی پڕوپاگەندەو هەڵمەتی هەڵبژاردندا چەند مەسەلەیکی دیارکراویان کردە بنەمای کار لەسەرکردن و لەو چوارچێوەیەشدا میدیای ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی پرسەکانی قەیرانی دارایی ئەمریکا و تەندروستی و ژینگەو دیاردەی بێکاری و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەخاکی عێراق و ئەفغانستاندا کردە دروشمی سەرەکی پڕوپاگەندەو کارەکانی خۆیان. بەڵام قەیرانی ئابووری و دارایی دیارترین ئەو کارانە بوون کە میدیاکانی ئەمریکا

---

٧ ١ژ ان پۆل مارتۆ ، هەقتەخ لێ و : شێز اد حەسێ ، چ ،چاپخانەی دەزگای ئاراس ،هەولێر ٢٠٠٧ ، ل ٨٤-٨٥



٧ بە خەستی کاریان لەسەر کرد، هەرچەندە ئەم دیاردەیە یەکەم جار نییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی[1] بێتەوە، بەڵکو لە مێژووی ئەم وڵاتەدا لەساڵی ١٨١٢ز دوای داگیرکردنەکەی بەریتانیا بۆ واشنتۆنی پایتەخت و لە نێوان ساڵانی ١٨٦١-١٨٦٥ و هەڵوەشاندنەوەی ئەمریکا بۆ باشوور و باکوور و بگرە لە جەنگی ناوخۆیشدا قەیرانی دارایی ڕوویداوە، بەڵام گەورەترین قەیران کە ئەمریکای گیرۆدە کردبوو لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی و بە تایبەتیش لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٣ بوو کە هەموو بازاڕەکانی ئەمریکا داڕووخان، بەوپێیەش ئەم ڕووداوە کاریگەری گەورەی کردە سەر بازاڕەکانی جیهان و بووە قەیرانێکی جیهانی، جێی باسە لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا لەبەرواری ١١/١١/١٩١٨ تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو نزیکەی ٥٠ قەیرانی ئابووری جیهانی گرتۆتەوە، بێگومان کاتێك ئەم قەیرانە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٨

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا، قەیرانێك کە پێشتر زۆرێك لە پسپۆڕانی ئابووری پێشبینیان بۆ کردبوو، ئەمەش بووە هۆی زیانگەیاندن بە کەرتی زەوی زار و بانکە گەورەکانی ئەم وڵاتە و لەلایەن میدیای ئەمریکیەوە بە چڕوپڕی تۆخکرایەوە و هەستی هاوڵاتیانی پێ دەبزوێنرا، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم قەیرانە لە ئەمریکادا بووە خوڵقاندنی دۆخێکی هەستیار و تەم و مژاوی جیهانیو لەناخی ئەمریکیەکانیشدا ببوە گرێیەکی مەترسیدار .

بۆیە لەم سۆنگەیەوە کاتێك ململانێی هەڵبژاردنەکان و هەڵمەتی بانگەشەکردنی سەرۆکایەتی دەستیپێکرد هەر زوو دیموکراتەکان ئۆباڵی ئەم تەنگەژە ئابووریەیان خستە سەرشانی کۆماریەکان و هەڵگیرساندنی هەردوو جەنگی عێراق و ئەفغانستان لە ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ و ئەو

---

٨ ١ . ئۆل اس فەرێ ، ئۆباما و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، گۆڤاری ڕێبازی نوێ ،چ ،سلێمانی ٢٠٠٩ ،ل ١٠٣–١٠٦



بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخاندەکرا لە لایەن جۆرج بۆشەوە لەژێر ناوی جەنگی دژە تیرۆر، لەلایەن میدیاکانی ئەمریکاوە قۆزرایەوەو کرایە ستراتیژترین پڕوپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٨ ١

# ژیانی باراك ئۆباما

لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئـابووری ئـەمریكا لـە كۆتـایی سـالّی ٢٠٠٨ تووشـی قـەیرانێكی بـی وێنـە بـوو، ئومێـدەكانی گـۆڕان و چـاككردنی ئـەو بارودۆخـە بـە شێوەیەكی گشتی بالّی بەسەر هەلّمەتەكانی هەلّبژاردنـدا كێشا و سەر ئـەنجام پـارتی دیموكراتـەكان بەسـەرۆكایەتی باراك ئۆباما جلّەوی فـەرمانڕەوییان لـە كۆشـكی سـپیدا گرتە دەست [1] لێرەدا دەكرێت خودی ئۆباما وەك كەسایەتی لە وردەكاری ژیانی تێبگەین و پێی ئاشنابین، باراك حسێن

---

٩ ١ فەلاح كەریم ، جیهانی دەسەلاّتی ئۆباما ، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، چ ٢٠٠٩ ،ل ٦



ئۆباما لە ٤/٨/١٩٦١ لە هونولو لە دوورگەی هـاوای لە باوكێكی كینی ئەفریقی پسپۆڕ لە بواری ئابووری و لـە دایكێكی سپی پێستی ئەمریكایی لـە ویسـتای سـەر بـە ویلایەتی كنساس لە دایك بووە و لە سالّی ١٩٦٥ دایـك و باوكی لەیەك جیا دەبنەوەو ئۆباما تەمەنی چـوار سـالاّن دەبێت، دوای ئەم جیابوونەوەیە ماوە بە ماوە ئۆباما لـەلای دایـك و بـاوكی گـەورە دەبێـت، پاشـان دایكـی دەچـێتە ئەندەنوسیا و ئۆباما بۆ ماوەی دوو سالّ لە قوتابخانەیـەكی ئیسـلامی دەخوێنێـت و دواتـر دەچـێتە قوتابخانەیـەكی مەسیحی، لە سالّی ١٩٨٣ بڕوانامـەی بـەكالۆریۆس لـە زانستە سیاسـیەكان و نێودەولّەتیـەكان وەردەگرێـت و لـە سـالّی ١٩٨٥ بۆتـە بەڕێوەبـەری پـڕۆژەی ئامـادەكردن و چاككردنی گەڕەكە هەژار نشینەكان لەویلایەتی شیكاگۆو ئەلینوێز، لەسـالّی ١٩٩٢ خێزانـی پێكهێنـاوەو لەگـەلّ میشال ڕۆبینسۆن‌و دەبنـە خـاوەنی دووكـچ، كـە ئـەوانیش مالیای كچـە گـەورە لەسـالّی ١٩٩٩ و ساشـا لەسـالّی

٢٠٠١ لەدایك بـوون، ئۆبامـا بـۆ ماوەیـەك لـەنێو ڕەش پێستەكاندا ژیاوە و هەوڵی زۆری خستۆتە گەڕ بۆ چاكردنی بارودۆخیـان ، لـە سـاڵی ١٩٩٨ و٢٠٠٢ ئۆبامـا [2] هەڵبژێراوە بۆ ئەنجومەنی یاسادانان لە ویلایەتی ئەلینۆیز.

لە ٢٠/١/٢٠٠٩ و لەتەمەنی چل و حەوت ساڵیدا ئۆباما توانی دوای كێبڕكێ و ململانێیەكی توند بەسەر جۆن ماكینی كاندیدی كۆماریەكان سەر بكەوێت و ببێتە چل و چوارەمین سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لەو كاتەشدا كە ئۆباما لەلایەن دەستەی دەنگدەرانەوە بەكۆی ٣٣٨ دەنگ سەركەوتنی ڕاگەیانراو مەكین تەنیا ١٥٥ دەنگی بەدەست هێنا، بووە مایەی سەرسامی تەواوی ناوەندە سیاسیو میدیاییەكانی ئەمریكا، چونكە تەنیا ٢٧٠ دەنگ پێویستە بۆ

---

[1]

٢ ئۆل اس فەوێر ، ئۆباما و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، گۆڤاری ڕێبازی نوێ ،چ٢٠٠٩، ١ ، ل ٩٥-٩٦



سەركەوتنی سەرۆكی ئەمریكا، بەڵام ئۆباما توانی ٣٣٨ دەنگ واتە ٦٨ دەنگی زیاتری لە ڕێژەی دیاریكراو بەدەست بێنێت، بەمەش پەیامنێران و چاودێرانی سیاسی ئەم سەركەوتنەی ئۆبامایان ناونا ڕووداوی مێژوویی [1] ، بەهۆی ئەو نزیكییەی كە میدیاكان و ناوەندەكانی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە باراك ئۆباماوە هەیانبوو ئاماژەكانی سەركەوتنی چاوەڕوانكراو بوو، چونكە بەپێی چەند ڕاپرسییەك باراك ئۆبامای كاندیدی دیموكراتەكان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی لەپێش جۆن ماكینی كاندیدی كۆماریەكانەوە بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی وتەو هەڵوێستەكانی ئۆباما كە وایكرد كاریگەریانەتر دروشمەكانی بۆ گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لەسەر ئاستی جیهان چڕبكاتەوە، بۆیە بانگەشەكەی ئۆباما كە

---

٢ كەریم عەبدولفارق ، ئۆباماو ئۆل استەی جیهان ،
www.whitehouse.net

تەئکیدی لەسەر < گۆڕان > دەکردەوە ئومێدێکی وەهای لای هاولاتیانی ئەمریکا دروستکردبوو بۆ ئەوەی دڵنیایی و متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ئایندەی جیهانی ئەمڕۆ کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆربەی هاوکێشە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی پێک دێنێت، دەنگدەرانی ئەمریکی چاوەڕوانی باشتربوونیان لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئۆباما لێدەکرد .[2]

٢ ڕێبین حەسەن ، کۆشکی سپی لە ساڵێکدا ، چ ١ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، ل ٥



# تیمە ڕیکلامیەکەی ئۆباما

هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی ٢٠٠٩ ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین جیاوازی و تایبەتمەندی بەخۆوە بینی و سەرنجی میدیاکاران و چاودێرانی سیاسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەوانەش شێوەی تازەی پەیوەندی لەنێوان دەنگدەرو کاندیدی سەرۆکایەتی هێنایە ئاراوە کە بریتی بوو لەو شێوازە نوێیەی کە لە جیهانی ئەنتەرنێتو بواری بەکارهێنانی دەدات، داتاو زانیاری سەبارەت بەخۆیان هەبێت لەسەر پێگەکانی ئەنتەرنێت، ئەمەش کە ناوی وێب ٢ بوو، کاتێك ئۆباما وەك یەکەمین کاندیدی سەرۆکی ویلایەتەکانی ئەمریکا تیمێکی ڕیکلامی بۆ خۆی دروستکرد، تیمە ڕیکلامیەکەی ئۆباما توانیان

تەکنــەلۆژیای وێــب ٢ لەســەر مەودایــەکی فــراوان
بەکاربهێنن، بــەجۆرێك ئــەو پێگانــە خزمــەتێکی زۆریــان
پێگەیاند لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، چونکە پێگەکانی
فەیسبوك و تویتــەرو مــای سپیس توانیــان باشترین ڕۆڵ
بگێــڕن لەســەرکەوتنی ئۆبامــادا بــەوەی ئــەو کەســانەی
سەردانی پێگەکانی وێــب ٢ یــان دەکــرد، دەیــانتوانی ڕای
خۆیــان دەربــڕن و ئــەو شــتانەی دەیانویســت بیخەنــە ڕوو،
هەروەك خــودی ئۆبامــا بەشــدارییەکی کــارای هــەبوو لــە
ناردنی داتاکان لە ڕێگەی تەلەفونەکەیەوە کــە لــە جــۆری
بلاك بیری بوو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بــۆ بەشــداربووانی
ئــەو پێگــە کۆمەڵایەتیانــە، واتــە بــەم شــێوەیە دەنگــدەر
چاوەڕوانی لێدوانی کاندیدەکان ناکات و بەمەش ئەم کارەی
ئۆباما بووە مایەی ئەوەی کە دەنگدەر پشت بە تەلــەفزیۆن
و کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان نەبەستێت و دەتوانێت زانیــاری
کاندیدەکان لە ڕێگای ئــامێری مۆبایــل و لاپتۆپەکەیــەوە ٣
لەهەر شوێنێکدا بێت دەست بکەوێت، بەم جۆرەش میدیای



ئەلیکترۆنی توانی باشترین کاریگەری لەســەر ســەرکەوتنی
ئۆباما بەجێ بهێڵێت و پەیوەندی نێوان کاندید و دەنگــدەر
پێکەوە ڕۆڵی میدیایەکی کارلێکیان دەبینی، کە ئەمــەش
بووە فاکتەرێکی ئەکتیڤ بۆ ئۆباما و وتارە ئایدۆلۆژیاکانی
جۆن ماکین و جوانیە سەرنج ڕاکێشەکەی سار پالین دەستەو
وەستان مانــەوە لەبــەردەم ئــەو گۆڕانکاریانــەی کەبەســەر
دەنگدەری ئەمریکیدا هات ، بۆیە پێگــەی ئــەلکترۆنی[3] و ٢
بەتایبــەتیش تیمــە ڕیکلامیەکــەی ئۆبامــا زۆر بــە چــڕی
سەرنجی ناوەندە سیاسی و میدیایەکانی ناوخۆیی و دەرەکــی
ئەمریکای لەسەر کۆبووەوە.

---

٢ خالید سلێمان ، لەسەر ڕێڕەوی ئۆباما ، گۆڤاری
هەفتانە ،چ ٢٠٠٩ ، ل ١٠

# میدیای ئەمریکی و هـــەڵبژاردنی ئۆبـــامـــا

کاتێك باراك ئۆبامـا تـوانی جڵـەوی سـەرۆکایەتی لـە کۆشـکی سـپی ئـەمریکادا بگرێتـە دەسـت، چـەمکی پەیوەندی نێوان دەنگـدەر و میـدیا و چـەمکی پەیوەنـدی نێوان دەنگدەر و کاندیدی سەرۆکایەتی گۆڕی، بەو پێیـەی بنـەمای نـوێی دانـا بـۆ ئـەو پەیوەندیـەی کـە کەناڵـە تەلەفزیۆنیـە گـەورەکانو ڕۆژنامـەکانی ئـەمریکا وەك "فۆکس نیوز و سی ئێن ئـێن و نیـۆرك تـایمز و واشـنتۆن پۆست" بۆ خۆیان قۆرخیان کردبوو ٤ ، میـدیای ئـەمریکی

٤ ٢ هەمان سەرچاوە پێشوو ، ل ١٠



بەشـێوەیەکی گشـتی لـە کـاتی هەڵبژاردنەکـە و بگـرە پێشتریش چەندین ڕاپۆرت و پرسیاریان بڵاوەکردەوە، لێرەدا چـەندنموونەیەك بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر میـدیای ئـەمریکی لـە مـاوەی بانگەشـەی هەڵبـژاردن و دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ دەخەینە ڕوو:

١/ لە ئاکـامی ڕاپرسـیەکدا کـە لەلایـەن ڕۆژنامـەی نیۆریـك تـایمزی ئەمریکیـەوە ئەنجامـدراوە تەئکیـد لـەوە کراوەتەوە کە ٧٩٪ی ئەمریکیەکان گەشبینن بـە هـاتنی سەرۆکی هەڵبژێردرا و ئەو ڕێژەیەش بە ڕێژەیەکی پێوانەیی دادەنرێت بەبەراورد بە پێنج سەرۆکەکەی پێش ئۆباما ٥ .

لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نیۆرك تایمز باسـی لـەوە نـەکردووە کـە ئـاخۆ ئـەو نمونانـە کامانـەن کـە ڕاپرسیەکەی لەگەڵدا ئەنجام داوە، واتـە ئاسـتی تەمـەن و

٢

٥ ٢ ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ژمارە٨٩٧ ، سێشەممە (٢/١/٢٠٠٩) ، ل٦

ڕەگەزی کەسەکانی نێو ڕاپرسیەکە نادیارە، لە کاتێکدا دەبێت هەر ڕاپرسیەك کە ئەنجام دەدرێت پەیڕەوی بنەما و پێوەرە زانستیەکان بکات، واتە نیۆرك تایمز لێرەدا گومانی لایەنگیری باڵی دیموکراتەکان و بە تایبەتیش ئۆبامای لە ژێر ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتدا پەیڕەو کردووە و پێوە دیارە.

٢/ ڕادیۆی یوا کە ڕادیۆیەکی ئەمریکیە بەچەند ڕۆژێکی کەم بەر لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەڵێت " ئەمریکیەکان لەم هەڵبژاردنەدا واقیعی خۆیان دەردەخەن بەرامبەر بە تواناکانی سەرۆکی داهاتوو کە دەبێت کێشە هەڵپسێراوەکان چارەسەر بکات و لەو نێوەندەشدا ڕادیۆکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەك و ئاشکرایکردووە کە تەنیا لە ١٧٪ی هاوڵاتیانی ئەمریکا پێیان وایە ئۆباما دەتوانێت بارودۆخی ئابووری وڵات ڕووە و باش بوون ببات.



لێرەدا یوا تارادەیەك ویستویەتی بێلایەنی کارکردنی خۆی بپارێزێت، هەرچەندە ئەمیش پێوەرە زانستیەکانی ڕاپرسی پشت گوێخستووە و ئەمەش گومان لەسەر دروستی ئەنجامەکان دروست دەکات، هەروەها ڕادیۆکە بێ مەرج لەسەر ئۆبامای دەسەپێنێت بەوەی لەسەر زاری ئەو هاوڵاتیانەی کە ڕەگەز و تەمەن و پیشەیانی باس نەکردووە، دەبێت ئابووری ئەمریکا باش بکات لە کەمترین ماوەدا بەمەش ڕێژەی ١٧٪ی کردۆتە پێوەرێکی پێشوەختانە بۆ دەرخستنی ڕەشبینی خەڵك بەرامبەر بە سەرۆکی نوێ، بەڵام ئەگەر لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە بڕوانین کە ڕادیۆکە خستویەتە ڕوو دەبینین کە یوا دڵخۆشە بە سێ سەرۆکی پێشتری ئەمریکا و پێدەچێت خستنە ڕووی ئەو ڕێژە بەرزانەی ئەنجامی ڕاپرسیەکانی پێشوو بەرامبەر بە ئەنجامی ڕاپرسیەکانی خەڵك بۆ ئۆباما، ئومێدێکی کەم بێت بۆ دڵنیا نەبوون لە تواناکانی ئۆباما وەك سەرۆکی نوێی ئەمریکا بەوەی لە بواری سیاسەت و فەرمانڕەوایدا

ئەزموونی کەمی هەیە، چونکە ڕادیۆکە هاتووە پرسی خراپی ئابووری ئەمریکای کردۆتە باسێکی سەرەکی و بەهۆی ئەوەشەوە لایەنگیریانە کاریکردووە، لە کاتێکدا یوا دەیتوانی جگە لەئابووری پرسگەلێکی تریشی بخستایەتە ڕوو، دواتریش ڕاپرسیی لەسەر ئەنجام بدایە و ئەنجامەکانی بلاۆبکردایەتەوە.

٣/ تۆڕی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن سەبارەت بە ڕووماڵکردنی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا بە هاوکاری ڕۆژنامەی سەفیری کوێتی، وتارێکی جۆ سان مانی بلاۆکردۆتەوە، لە وتارەکەدا سی ئێن ئێن بۆ ئەمریکیەکانی پەخش کردووە و تیایدا سێ وتاری وروژاندووە و شیکردنەوەی بۆ ئەنجام داوە، لەو پرسیارانەش ئایا ئۆباما دەبێتە پۆلیسی جیهان ؟ ئۆباما دەتوانێت متمانە بە ئابوری ئەمریکا ببەخشێتەوە ؟ چی لەو زامانە دەکات کە شەڕەکان جێیان هێشتووە ؟.

٦



لەسەرەتاشدا سی ئێن ئێن دەڵێت " ڕۆژی سێ شەممە ئۆباما وەك سەرۆکی نوێی ئەمریکا پۆستەکەی وەردەگرێت، بەو جۆرەش ئەو پالێوراوە قۆزە کە پێدەچێت زۆرێك لە خەڵك خۆشیان بوێت، دەبێتە سەرکردەی هێزی سۆپەرمان؟"، ئایا ئەو سەدان بەڵێنەی ئۆباما داویەتی بەخەڵکی ئەمریکا لەکاتێکدا ڕووبەڕوی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە دەتوانێت جێبەجێیان بکات ؟

دەبینین سی ئێن ئێن هاتووە لە ڕێگەی ناوەڕۆکی ئەم وتارەی نووسەرێکی ئەمریکی دەیەوێت ڕای گشتی وڵاتانی عەرەب لە ڕێگەی ڕۆژنامەیەکی کوێتیەوە لەسەر ئۆباما بجوڵێنێت کە نازانرێت مەبەستەکانی پشت هانا بردنی سی ئێن ئێن بۆ ئەو ڕۆژنامە کوێتیە چییە، بەلاَم سی ئێن ئێن

٦

---

٢ ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ژمارە ٨٩٦ ، دووشەممە (١٩/ ١/ ٢٠٠٩ )، ل٧

باسی لەوەکردووە کە ئۆباما بەڵێن دەداتو ئاستەنگی زۆری بۆ هاتۆتە ڕێ، ئەمەش دەریدەخات بەهەمان شێوە کەناڵەکە پێش وەختانە بڕیار دەدات بەوەی کە هێشتا ئۆباما دەستی بەئەنجام گەیاندنی بەڵێن و کارەکانی نەکردووە تا بڕیار لەسەر چاکی و خراپی بدرێت، لە کۆتایشداو لەڕاپۆرتێکدا سی ئێن ئێن دەڵێت " جیهان پێویستی بەکاتی زیاترە تا ئۆباما دەناسێت. ئەم دێڕەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە ئاخۆ مەبەست لەمە چییە، لە کاتێکدا دەبینین ئۆباما لەماوەی هەڵمەتەکانی پێش هەڵبژاردن چەندین جار باسی لە ڕابردووی ژیانی کردووە و بەڵێنی جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژەشی بۆ ئایندە داوە، بۆیە سی ئێن ئێن نەیتوانیوە بی لایەنی خۆی بپارێزێت و پەیڕەوی لە بنەما ڕۆژنامەوانیەکان بکات.

٤ / تۆڕی تەلەفزیۆنی سی بی ئێس بەر لەوەی دەنگدانی خەڵك لەسەرجەم ویلایەتەکانی ئەمریکا کۆتایی [٧]



پێ بێت و دەنگەکان جیابکرێنەوە، لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە باس لەوە دەکات کە جۆن مەکین کاندیدی کۆماریەکان و ڕکابەری سەرەکی باراك ئۆباما بە ٣٤ دەنگ لە پێش ئۆباماوەیەو بەپێی ڕاپۆرتەکەی سی بی ئێس ئەم سەرکەوتنەی مەکین وەرچەرخانێکی گرنگە بۆ گەلی ئەمریکاو ئامانجێکی مێژوویی بۆ ئەمریکیەکان دەپێکێت، چونکە ڕێگا نادات کە ئۆبامای بە ڕەگەز ئەفریقی ببێتە سەرۆك. [٧]

دیارە لێرەدا سی بی ئێس پێش وەخت بڕیاری سەرکەوتنی کۆماریەکانی داوەو بێ گوێدانە پاراستنی بێلایەنی خۆی دەنگۆی سەرکەوتن بلاو دەکاتەوە، ئەمەش پێدەچێت مەبەستی تایبەت و ئایدۆلۆژیای سیاسی پارتی کۆماریەکانی لەپشتەوە بێت، چونکە پێی وایە ئۆباما

---

٢ ماڵپەڕی www.teqrir.org

کەسایەتیەکی شیاو نییە کە بچێتە کۆشکی سپی و تۆمەتی ڕەگەزی دەداتە پاڵ، ئەمەش بۆ خۆی دەچێتە خانەی دژایەتی و سی بی ئێس نەیتوانیوە بی لایەنی میدیایی خۆی بپارێزێت.

٥/ تۆڕی  فۆکس نیوزی ئەمریکیش بەر لە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ٢٠٠٩ پێش وەختانە ڕایگەیاند " باراك ئۆباما توانی بە ڕێژەی ٦٣٪ دەنگەکان بۆ یەکەم جار وەك کەسێکی بە ڕەگەز  ئەفریقی بەسەر جۆن مەکینی کاندیدی کۆماریەکان کە تەنیا  ٣٦٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە سەر بکەوێت، بەمەش دیموکراتەکان نەك تەنیا توانیان لە کۆشکی سپی سەربکەون، بەڵکو زۆرینەی ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانیش دەگرنە ئەستۆ. [٨]

٢ هەمان سەرچاوەی پێشو ،                    ماڵپەڕی www.teqrir.org

٨



بێگومان فۆکس نیوز ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە بەوەی کە ئاخۆ ئەم دوو ڕێژەیەی لەکوێوە دەست کەوتووە و بۆچی باسیکردووە، لە کاتێکدا هێشتا دەنگدانی خەڵك کۆتایی پێ نەهاتبوو، ڕاستەوخۆ سەرکەوتنی ئۆبامای بلاْوکردەوە و بەمەش نەیتوانیوە پارێزگاری لە پاراستنی ئاڕاستەی کارکردنی میدیایی خۆی بکات، بەوەی کە بێ لایەن بێت و پێش بلاْوکردنەوەی دەرئەنجامەکان نەکەوێت.

٢

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| میدیا چییە؟ | ٥ |
| ڕۆڵی میدیا لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا | ٨ |
| کاریگەری میدیا لەسەر وەرگر لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا | ١٣ |
| ستراکتۆری میدیای ئەمریکا | ١٦ |
| ئاڕاستەی کارکردنی میدیای ئەمریکا | ٢٥ |
| میدیای ئەمریکیو ستراتیژی سیاسەتی بانگەشەکردن | ٣٤ |
| ژیانی باراك ئۆباما | ٣٩ |
| تیمە ریکلامیەکەی ئۆباما | ٤٤ |
| میدیای ئەمریکیو هەڵبژاردنی ئۆباما | ٤٧ |

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بلاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیرورِ | ن.عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوه | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئاین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، | | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ،ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ١٩٧٢) | | |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| 353 | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالح رەحمان | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |